NHS
Royal Free London
NHS Foundation Trust

# هێنانە سەر ژان

**زانیاری بۆ ئافرەتان و خێزانەکانیان**

ئەم نامیلکەیە بۆ یارمەتیدانی وەڵامدانەوەی هەندێك لەو پرسیارانە دەستەبەر کراوە کە ڕەنگە خۆت و خێزانەکەت لەسەر هێنانە سەر ژان Induction of Labour (IOL) لاتان دروست ببێت و هەروەها بۆ ئەوەش یارمەتیت بدات لە بڕیاردانت لەسەر هێنانە سەر ژان (IOL).

نامیلکەکە لەسەر بناغەی ڕێنماییە کلینیکییە نیشتیمانییە بە بەڵگە پشت بەستووەکان لەبارەی هێنانە سەر ژان (NICE, 2008) ، نووسراوە.

## هێنانە سەر ژان چیە؟

کەوتنە سەر ژان پرۆسەیەکی سروشتییە کە بە گشتی خۆ بە خۆ دەست پێ دەکات. هەندێك جار ژان گرتن پێویستی بەوەیە بە دەستکرد دەستی پێ بکرێت و ئەمەش پێی دەووترێت 'هێنانە سەر ژان.' لە ئێستادا نزیکەی 20% ی ئافرەتانی دووگیان لە شانشینی یەکگرتوو دەخرێنە سەر ژان (Hospital Episode Statistics, 2017)

## بۆچی ڕەنگ هەیە بژاردەی هێنانە سەر ژانم بخرێتە بەر دەست؟

پزیشکەکەت یان مامانەکەت تەنها کاتێك ڕات دەسپێرن بخرێیتە سەر ژان کە لە سوودی خۆت و کۆرپەکەت بێت.چەند هۆیەك هەن کە وا دەکەن بشێت هێنانە سەر ژانت بخرێتە بەر دەست کاتێك کە سەراوەکەت وەك خۆی بێت و دەست لێ نەدراو بێت:

1. بۆ خۆ لادان لە دووگیان بوونی ماوە درێژ، ئەوەش کاتێکە کە سکەکە 42 حەفتە یان زیاتر درێژە بکێشێت (14 ڕۆژ یان زیاتر لە کاتی چاوەڕوانکراوی منداڵ بوون). ئەمە هەرە باوترین هۆیە بۆ هێنانە سەر ژان. پاوڕ (پەردەی ناوەوەی منداڵدان)، کە لە ڕێیەوە ئۆکسجین و خۆراك لە کاتی دووگیانی دا لە خوێنی دایکەکەوە بۆ خوێنی منداڵەکە دەچێت، دەشێت لەگەڵ درێژ بوونەوەی دووگیانی دا کەمتر کارا بێت و ببێتە هۆی لەبار چوون، هەرچەندە مەترسیی سەراپای لەبارچوون بە نزمی دەمێنێتەوە.

   بۆیە هێنانە سەر ژان بە شێوەیەکی ڕۆتینی بۆ هەموو ئەو ئافرەتانە ڕادەسپێردرێت کە سکیان لە نێوان 41 و 42 حەفتەدایە و بە سروشتی نەکەوتبنە سەر ژان (NICE, 2008)، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی ورد نیە لەڕێیەوە بزانرێت دووگیانی لەبەر مەترسیی لەبارچووندایە.
2. گەورەیی تەمەنی دایك. هەندێك بەڵگە هەن پیشانی دەدەن کە ڕێژەی لەبارچوون لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی دایکدا زیاتر دەبێت. مەترسیی لەبار چوون دەبێتە نزیکەی دوو ئەوەندە ئەگەر تەمەنت 40 ساڵ و بەرەو ژوور بێت ( NHS Litigation Authority, 2009). لەبەر ئەم هۆیە، ڕاسپاردە ئەوەیە ئافرەتانی ئەم تەمەنە و سەرتر، لە 40 هەمین حەفتەی دووگیانییاندا بە پلانی پێشوەختە دانراو بخرێنە سەر ژان. ئەمە لە کلینیك پێش منداڵ بوون بە وردی لەگەڵت تاوتوێ دەکرێت.
3. ئەگەر تەندروستیی خۆت یان کۆرپەکەت ببێتە مایەی نیگەرانی. لەدایکبوونی کۆرپەکەت لە هەندێك بارودۆخدا دەشێت بە سوود بێت، وەك ئەوەی ئەگەر شەکرەت هەبێت، پەستانی خوێنت بەرز بێت، کێشە لە گەشەی منداڵەکەدا هەبێت یان بارودۆخی تر.

## پەرەماڵین membrane sweeping چیە؟

بژاردەی ماڵینی پەرە دەخرێتە بەردەستت تاوەکو یارمەتیت بدات پێش 42 حەفتەی دووگیانی بە شێوەیەکی سروشتی بکەویتە سەر ژان. پەرە ماڵین بریتییە لەوەی پزیشکی منداڵ بوونەکەت یان مامانەکەت پەنجەیەکی دەخاتە ناو گەردنەی منداڵدانەوە و بە جووڵەیەکی بازنەیی دەیماڵێت بۆ ئەوەی ئەو پەرانەی دەوری کۆرپەکەیان داوە لێکیان جیا بکاتەوە، یان ئەگەر ئەمە نەکرێت، گەردنەی منداڵدانت بە نەرمی بشێلێت.

پەرە ماڵین هیچ زیانێك بە خۆت یان بە کۆرپەکەت ناگەیەنێت، بەڵام ڕەنگە کەمێك ناخۆش بێت و ئازاری هەبێت یان خوێنی لێ بهێنێت. بەڵام ئەم کردەوەیە دەکرێت بەرهەمهێنانی سروشتییانەی پرۆستاگلاندینەکان Prostaglandins (هۆرمۆنەکان) هان بدات، کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی نەرم بوونی گەردنەی منداڵدان و لە کاتی خۆیدا ڕێگا لەبەردەم منداڵ بوونێکی کارادا بخاتە سەر پشت.

پێش 42 حەفتەی دووگیانی و پێش منداڵ بوون، لە کاتی وادە بۆ دانراوەکەتدا بڕاردەی پەڕە ماڵێنت دەخرێتە بەردەست لە پێناو کەمکردنەوەی پێویستی بە هێنانە سەرژانی دەستکرد. ئەگەر لەپاش ئەمە نەهاتیتە سەر ژان، ئەوا دەتوانیت داوای پەڕە ماڵینی زیاتر بکەیت.

## چی ڕوو دەدات ئەگەر پێویستم بە هێنانە سەر ژان هەبێت؟

مامانەکەت یان پزیشکی منداڵ بوونەکەت بە وردی هۆیەکانت بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بۆچی هێنانە سەرژانیان پێ باشە بۆت. بۆ تۆ گرنگە لە پرۆسەی هێنانە سەر ژلان تێ بگەیت و هەر پرسیارێکت لا دروست ببێت، بپرسیت.

ئەو نۆرینەی بۆت دەکرێت پشکنینی سکت لە خۆ دەگرێت کە ببینن کۆرپەکەت لە منداڵدانتدا بە چ بارێکدا وەستاوە و گوێ لە لێدانی دڵی دەگرن. پاش ئەمە، ئەگەری زۆرە پشکنینێکی ناوەکیت بخەنە بەر دەست تاوەکو نۆڕین بۆ گەردنەی منداڵدانت و 'پەڕە ماڵین' ت بۆ بکەن. ئەمجا ئەوکات وادەیەکت بۆ هێنانە سەر ژان IOL ت بۆ دیاری دەکەین.

## هێنانە سەر ژان چەند دەخایەنێت؟

بۆ هەر ئافرەتێك جیاوازە و لەسەر ئامادەیی گەردنەی منداڵدانیشت و ئامادەیی کۆرپەکەشت بۆ هاتنە دنیا ڕادەوەستێت. بە گشتی، ئەگەر ئەمە یەکەمین منداڵ بوونت بێت (پێشتر منداڵت نەبووبێت) و گەردنەی منداڵدانت ئامادە نەبێت (گەردنەکە داخراو بێت یان ڕەق بێت) لە دەستپێکی هێنانە سەر ژانەوە تا منداڵ بوون چوار ڕۆژ دەخایێنێت.

## چۆن چۆنی دەخرێمە سەر ژان؟

### باڵۆنی پێگەیاندنی گەردنەی منداڵدان

لوولە (باڵۆن)ی پێگەیاندنی گەردنەی منداڵدان بژاردەیەکە بۆ هێنانە سەر ژانت.

باڵۆنەکە وا دەکات گەردنەی منداڵدانت بە شێوەیەکی میکانیکی بکشێت و ئەمەش بۆ لێکترازانی دەستکردی پەڕەکانت یارمەتیدەرە. باڵۆنەکە کەمترین لێکەوتەی لاوەکیی هەیە و پێویستیش ناکات ئەوەندە بە وردی چاودێری بکرێیت بۆی وەك ئەوەی بۆ ڕێگایەکی پزیشکییانە پێویست بە چاودێری دەکات (Ref: Henry, 2011).

ڕێکارەکان بریتین لەوەی لوولەیەکی نەرمی سیلیکۆن دەکرێت بە گەردنەی منداڵدانتدا. لە نزیك سەرەکەی باڵۆنێك هەیە و کاتێك ئەو سەرە گەیشتە جێی خۆی، پڕ دەکرێت لە شلەیەکی پاکژی سوێر (ئاوی سوێر). لوولەکە بۆ ماوەی 12 کاتژمێر تیایدا دەمێنێتەوە و لەو کاتەدا باڵۆنەکە فشارێکی لەسەر خۆی هێمنانە دەخاتە سەر گەردنەی منداڵدانت. دەبێت ئەو فشارە گەردنەی منداڵدانت بە ڕادەیەك نەرم بکات و بکاتەوە کە بۆ دەستپێکردنی کەوتنە سەر ژان بەس بێت یان بۆ شکاندنی سەراوەکەی دەوری کۆرپەکەت بەس بێت.

لوولەکە دەشێت ڕۆژی دواتر خۆی بێتە دەرەوە یان مامانەکەت دەری بهێنێتەوە. لەو کاتەدا کە باڵۆنەکە لە جێی خۆیدایە، دەتوانیت کار و چالاکییە ئاساییەکانی خۆت بە جێ بهێنیت، وەك خۆ شوشتن و حەمامکردن یان پیاسە کردن. پاش چوونە سەر ئاو، تکایە دەستەکانت بشۆ و دڵنیا بە لەوەی لوولەکە پاکە و ناو بەناو جلی ژێرەوەت بگۆڕە.

تکایە هەرکام لەمانەت بەدی کردن مامانەکەتی لێ ئاگادار بکە:

- خوێن لێ هاتن
- گرژبوون
- نیگەرانی لە جووڵەی کۆرپەکە
- هەست بە ناساغی کردن
- بەربوونی سەراوەکەی دەوری کۆرپەکە
- ئەگەر باڵۆنەکە بێتە دەرەوە

### پرۆستاگلاندینەکان

ئێمە ’خەپلەی دینۆپرۆستۆن ی 3 میلیگرامی Dinoprostone 3 mg pessary‘ (کە جۆرێك حەبە) بەکار دەهێنین کە دەکرێتە ناو زێوە و لەسەر خۆ بۆ ماوەی 24 کاتژمێر پرۆستاگلاندین دەردەدات. ئەمە گەردنەی منداڵدان بۆ منداڵ بوون ئامادە دەکات. ڕەنگە لەماوەی ئەمەدا تووشی گرژی ببیت.

ئامۆژگاریمان بۆت ئەوەیە بۆ ماوەی 24 کاتژمێر خەپلەکە لە ناوەوە بهێڵیتەوە. بەڵام پێویست دەکات دەربهێنرێت ئەگەر هاتوو:

- کەوتیتە سەر ژانی ڕاستەقینە (ئەوش کاتێکە کە هەر دە خولەکێك سێ بۆ چوار جار گرژبوونی ناوبەناوت تووش دەبێت و گەردنەی منداڵدانیش 3 سانتیمەتر یان زیاتر بکرێتەوە)
- گرژبوونی زۆر زۆرت تووش ببێت (هەر دە خولەکێك پێنج گرژبوون و زیاتر)
- گرژبوونی زۆر درێژخایەنت تووش ببێت (هەر گرژبوونێك ماوەی نزیکەی دوو خولەك بخایەنێت)
- لێدانی دڵی کۆرپەکەت ئیتر ئاسایی نەبێت
- خوێنت لێ بێت. ئاسایيە برێکی کەم خوێنت هەبێت لەگەڵ دەردانی برێك لینجی لەپاش پشکنینی ناوەکییەوە.

ئەمانەی خوارەوە هەموو ئەو ئەگەرانەن کە دەشێت بە تێخستنی خەپلەی پرۆستاگلاندینەکە ڕوو بدەن:

- ڕەنگە بکەویتە سەر ژان و گەردنەی منداڵدانت دەست بە کرانەوە بکات. ئەگەر ئەمە ڕووی دا، خەپلەکە دەردەهێنین.
- سەراوەکەت بڕژێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی بکەویتە سەر ژان. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، ئەوا پێویستت بەوە دەبێت ئۆکسیتۆسین Oxytocin ت بە دڵۆپە تێ بکرێت تا دەست بە گرژ بوون بکەیت. دەشێت تا دڵۆپەکانی ئۆکسیتۆسینت بۆ دادەنرێت، خەپلەی پرۆستاگلادینەکەت تیادا بهێڵرێتەوە.
- گەردنەی منداڵدانت نەرم و کورت ببێتەوە بەڵام ڕەنگە نەکەویتە سەر ژان. ئەگەر ئەمە ڕووی دا، ئەوا پێویست دەکات سەراوەکەت بڕژێنرێت و پێویستت بە دانانی ئۆکسیتۆسین دەبێت تا دەست بە گرژبوون بکەیت.

ڕەنگە هەندێك ئافرەت پێویستیان بە زیاتر لە ڕێگایەك بێت تا گەردنەی منداڵدان بۆ منداڵ بوون ئامادە بکرێت.

**لێکترازاندنی دەستکردی پەڕەکان**

ئەمە پێیشی دەووترێت ’سەراو شکاندن‘ کاتێك دەتوانرێت ئەنجام بدرێت کە گەردنەی منداڵدانت دەستی بە پێگەیشتن کردبێت. بە ئامرازێکی باریکی پاکژکراوی یەکجار بەکارهێنانی لە پلاستیك دروست کراو، لە کاتی پشکنینی ناوەکی دا کونێکی پچووك دەکرێتە پەڕەی دەوری کۆرپەکەوە. ئەمە لە لایەن مامانەوە یان پزیشکی منداڵ بوونەکەوە دەکرێت. بە شکانی پەڕەکە، ئیتر دەبێت هانی گرژبوونی زیاتر بدات.

**بەکارهێنانی ئۆکسیتۆسین**

هەندێك جار پرۆستاگلاندینەکان و / یان شکاندنی پەڕەی سەراو بەسە بۆ کەوتنە سەر ژان، بەڵام زۆر ئافرەتیش پێویستیان بە ئۆکسیتۆسین هەیە. ئەم دەرمانە بە دڵۆپاندن دەکرێتە خوێنبەرێکی قۆڵەوە. ئەمە دەبێتە هۆی گرژبوونی منداڵدان و بەگشتی پاش شکانی سەراو بەکار دێت، ئیتر ئایا شکانەکە سروشتی بێت یان بە دەستکرد. ئەو برەی پێت دەدرێت دەتوانرێت بە پێی ڕادەی کەوتنە سەر ژانەکەت بگونجێندرێت ئامانج لەمە ئەوەیە منداڵدان ناوبەناو گرژ ببێت تاوەکو منداڵەکەت دەبێت (NICE, 2007).

کاتێك ئەم ڕێگایەی هێنانە سەر ژان بەکار دەهێندرێت، وا باشە بە بەردەوامی چاودێریی ڕێژەی لێدانی دڵی کۆرپەکەت بکرێت بە بەکارهێنانی ئامێری کاردیۆتۆکۆگراف Cardiotocograph (CTG). بە بەکارهێنانی ئەم جۆرەی هێنانە سەرژان دەکرێت گرژبوونەکان تەواو توند بن – مامانەکە پرسیارت لێ دەکات لەگەڵ ئازار و گرژبوونەکان چۆنیت و بژاردەی تری چارەسەری ئازارت دەخاتە بەردەست.

**مەترسییەکان یان زیانەکانی هێنانە سەر ژان IOL چین؟**

هێنانە سەرژان هانی منداڵ بوون دەدات پێش ئەوەی جەستەت ئامادەی کەوتنە سەرژان بێت. بۆیە، بە بەراورد لەگەڵ کەوتنە سەرژانی سروشتی، هەندێك لێکەوتەی لاوەکیی باوی هەیە.

**لە نێو ئەو لێکەوتانەش، ئەمانە هەن:**

- درێژبوونەوەی ماوەی ژان گرتن
- پێویستیی زیاتر بە ئازارشکێن، لەنێو ئەوانەش بەنجی نیوەیی کە لە خوارەوەی پشت دەدرێت
- ڕەنگە ببێتە هۆی گرژبوونی زۆر یان درێژخایەن، کە ئەوەش دەکرێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی گەیشتنی ئۆکسجین بە کۆرپەکەت و لێدانی دڵی کۆرپەکەش کەم بکاتەوە. ئەمەیان زۆر دەگمەن ڕوو دەدات، تووشی کەمتر لە 1% ی ئافرەتان دەبێت.
- زیاد بوونی پێویستی بوون بە منداڵ بوون بە یارمەتیی ئامێر (بۆ نمونە بە بەکارهێنانی گیرە یان مژەر). 10% ی ئافرەتانی وڵات لەپاش کەوتنە سەرژانی خۆرسك منداڵ بوون بە یارمەتی ئامێر دێتە ڕێیان، بەراورد بە 15% ی ئەوانەی بە دەستکرد هێنراونەتە سەر ژان. ئەم ژمارەیە لە یەکەکانی دایکایەتی ئێمەدا کەمێك بەرزترە لەبەر ئەوەی ئافرەتانی زیاتر داوا دەکەن بەنجی نیوەییان بۆ بکرێت بۆ شکاندنی ژانەکانیان.
- پێویستی بوونی زیاتر بە نەشتەرگەریی سێزێریان (قەیسەری) (NICE, 2007).

ئەگەر پرۆسەی هێنانە سەر ژان کەڵکی نەبوو، ئەوا تاووتوێی بڕاردەی ترت لەگەڵدا دەکەین، یەکێکیان منداڵ بوونە بە نەشتەرگەریی سێزێریان (قەیسەری). بۆیە، تەنها کاتێك هێنانە سەر ژان بەباش دەزانین کە سوودەکانی لە مەترسییەکانی زیاتر بێت.

## ئایا دەکرێت بهێنرێمە سەر ژان و هێشتا هەر لە ماڵەوە منداڵەکەم ببێت یان بچم بۆ بنکەی منداڵ بوون؟

ئەگەر بهێنرێیتە سەر ژان ئەوا ناتوانیت لە ماڵەوە منداڵەکەت ببێت، بەڵام ئەگەر لە پاش تەنها پێگەیاندنی گەردنەی منداڵدان بە باڵۆن یان بە خەپلە بکەویتە سەر ژان، ئەوا دەتوانیت منداڵەکەت لە بنکەی منداڵ بوون ببێت – ئەو یەکەیەی ئێمە کە لە لایەن مامانگاوە پێکەوە لەگەڵ قاوشی ژان گرتنەوە بەڕێوە دەبرێت – لەبەر ئەوەی لە نێو چوارچێوەی پێوانەکانی سەرپەرشتیی لە لایەن مامانگاوە بەڕێوەبراو دایت.

## چی دەبێت ئەگەر هێنانە سەر ژان کەڵکی نەبێت؟

ئەگەر پاش هێنانە سەر ژان نەکەوتیتە سەر ژان، مامانەکەت و پزیشکی منداڵ بوونەکەت بژاردەکانی ترت لەگەڵ تاووتوێ دەکەن و خۆت و کۆرپەکەت بە گشتی و تەواوەتی دەپشکنن. ئەمە لە نزیکەی 5-10% ی ئەو ئافرەتانە ڕوو دەدات کە بە دەستکرد دەخرێنە سەر ژان. بە پێی ئارەزووەکانی خۆت و بارودۆخی خۆت، دەشێت ئەمانە بخەینە بەردەستت:

- ڕێگەیەکی تری خستنە سەر ژان
- ئەگەر بارودۆخەکە ڕێگەبدات، خستنە سەر ژانەکە بۆ کاتێکی تر دوا بخرێت
- منداڵ بوون بە نەشتەرگەریی سێزێریان (قەیسەری).

## دەتوانم بڕیار بدەم بە دەستکرد نەخرێمە سەر ژان؟

پزیشکی منداڵ بوونەکەت بە وردی و درێژی ئەو هۆیانەت بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی خستنە سەرژانی بۆ تۆ پێ باشە. بەڵام، ئەگەر ئارەزوو بکەیت لەم کاتەدا بە دەستکرد نەخرێیتە سەر ژان، ئەوا دەبێت بە مامانەکەت یان پزیشکی منداڵ بوونەکەت بڵێیت. ئەوکات ئیتر ئێمە داوات لێ دەکەن بۆ نەخۆشخانە بێیت بۆ چاودێری کردنت تا بتوانین تەماشا بکەین و بزانین خۆت و کۆرپەکەت چۆنن.

بە بەکارهێنانی ئامێری CTG لە لێدانی دڵی کۆرپەکەت دڵنیا دەبین و سکانێکیشت بۆ دەکەین بۆ دڵنیا بوون لە باری سەراوی دەوری کۆرپەکەت. تکایە تێبینی بکە، ئەم جۆرە چاودێری کردنە لەوەدا زۆر پشتی پێ نابەسترێت کە پێمان بڵێت کام دووگیانی لە بەر مەترسیی گەورەی لەبار چووندایە. لەبەر ئەم سنووردارییانە، بژاردەی هێنانە سەرژانی دەستکرد دەخەینە بەردەست هەموو دووگیانییەك لە پێش گەیشتن بە 42 حەفتە (دوو حەفتە لە پاش وادەی چاوەڕوانکراوی منداڵ بوونەکەت).

هەموو چەندێك بۆ چاودێری بێیتە نەخۆشخانە، ئەوە لەسەر باری خۆت ڕادەوەستێت و مامانەکەت و پزیشکی منداڵ بوونەکەت ئەمەت لەگەڵ تاووتوێ دەکەن.

### بۆچی دەشێت هێنانە سەر ژانم دوا بخرێت؟

ئێمە لەوە تێدەگەین کە ئەگەر هێنانە سەرژانت دوا بخرێت، ئەوا ڕەنگە هەست بە دڵەڕاوکێ و تووڕەیی بکەیت. بەڵام، مامانەکەت یان پزیشکی منداڵ بوونەکەت دڵنیایت پێ دەدەن و هەوڵ دەدەن بەردەوام زانیاریت پێ بدەن لەسەر ئەو کار ڕێکخستنانەی بۆ هێنانە سەر ژانت دەیانکەن. ڕێکخستنەکان لەسەر بارودۆخی خودی خۆت و قاوشی منداڵ بوون ڕادەوەستن.

دەکرێت هێنانە سەرژانت لە کاتێکدا دوا بخرێت کە مامانەکانت سەرقاڵی سەرپەرشتی کردنی نەخۆشی تر بن لە وکاتەدا و / یان جێگە نەبێت. منداڵ بوون چاوەڕوان نەکراوە و ڕۆژانە لە ماوەی 24 کاتژمێردا ئافرەتمان وەك باری ناکاو بۆ دێت بۆ منداڵ بوون. ئێمە وەك مامان و پزیشکی منداڵ بوون بەرپرسیارێتیمان لەسەر شانە بۆ سەرپەرشتی کردنی دایکان و منداڵان لە یەکەکەماندا و دڵنیا بین لە منداڵ بوون بە سەلامەتی. دەکرێت ئەمانەش کاریگەرییان هەبێت لەسەر پلانمان بۆ خستنە سەر ژانت، ئێتر بە دواخستنی دەستپێکردنی خستنە سەر ژانت بێت یان بە دواخستنی پرۆسەی خستنە سەر ژانت بێت ئەگەر دەستی پێ کردبێت. ئەگەر لە هەر کاتێکدا شتێکت بە دڵ نەبوو، تکایە قسە لەگەڵ گەورە مامانی ئێشکگر بکە.

## نەخۆشخانەی بارنێت Barnet Hospital

### ڕێکخستنەکان بۆ خستنە سەر ژان لە نەخۆشخانەی بارنێت چین؟

وادەیەکت بۆ دیاری دەکەین کە بێیتە نەخۆشخانە. مامانەکەت پێت ڕا دەگەیێنێت هێنانە سەر ژانەکەت کەی دەکرێت و ئایا ئاستی مەترسیی دووگیانییەکەت بەرزە یان نزم.

ئەگەر دووگیانییەکەت بەوە دەستنیشان کرا کە ئاستی مەترسییەکەی بەرزە یان زۆر بووە، ئەوا تکایە کاتژمێر 6 ی بەیانیی ئەو ڕۆژەی بۆت دانراوە هێنانە سەر ژانی دەستکردت بۆ بکرێت تەلەفۆن بۆ قاوشی ڤیکتۆریا Victoria Ward بکە و داوا بکە قسە لەگەڵ سەرۆکی تیمەکە Team leader بکەیت. ئەویش دەتوانێت کاتێکت بداتێ تیایدا بۆ قاوشی ڤیکتۆریا بێیت و ئەوەش ئەو شوێنەیە کە لە کاتی هێنانە سەرژانتدا تیایدا سەرپەرشتی دەکرێیت.

ئەگەر دووگیانییەکەت بە کەم مەترسی دەست نیشان کرا، ئەوا بۆ هێنانە سەرژانی شەو نەمانەوە گونجاو دەبێت. پێویست دەکات لەو کاتەدا کە بۆت تەرخان کراوە بچیتە یەکەی دایکایەتیی دەوامی ڕۆژ. ئەگەر باش بوو و ماڵیشت لە نزیك نەخۆشخانە بوو (لە کاتژمێرە ڕێیەك زیاتر نەبوو) ئەوا دەشێت ڕێگات پێ بدرێت بۆ ماڵەوە بچیتەوە.

**ئەگەر ڕێگات پێ درا بۆ ماڵەوە بچیتەوە:**

مامانەکەت پێت دەڵێت پاش 12 کاتژمێر لە دەستپێکردنی پرۆسەی هێنانە سەرژانت بۆ یەکەی دیاری کردنی پلەی ناکاوی Triage بۆ دایکایەتی بگەڕێیتەوە تاوەکو بەردەوامی بە پرۆسەکە بدەن.

ئەگەر هەرکام لەم بارانەی خوارەوەت تووش بوو، دەبێت **لە ڕێی ژمارە 4408 8216 020 ەوە پەیوەندی بە یەکەی دەستنیشان کردنی پلەی ناکاو Triageەوە بکەیت:**

- گرژبوون وایان لێ بێت بە ئازار بن یان ناوبەناو بن (هەموو 5 خولەکێك)
- لە زێوە خوێنت لەبەر بڕوات
- جووڵەکانی کۆرپەکە بگۆڕێن یان کەمتر ببنەوە
- خەپلەکە بکەوێتە خوارەوە
- هەر نیگەرانییەکی ترت هەبێت
- سەراوت بتەقێت. ئەگەر کە هاتیت بۆ نەخۆشخانە ئەمە پشت ڕاست بووەوە ئەوا وەك نەخۆشی شەو مانەوە لە قاوشی دایکایەتی وەردەگیرێیت.

ئەگەر ڕێگەی خەپلە بۆ دانانت بۆ بەکار هاتبوو بۆ خستنە سەر ژانت، پیشانت دەدرێت چۆن لە باری خوێن لەبەر ڕۆیشتن لە زێوە و لە باری گرژبوونی زۆر بە ئازاردا، دەری بهێنیت. لەم بارانەدا، دەبێت یەکسەر پەیوەندی بە یەکەی دیاری کردنی پلەی ناکاوی Triage ەوە بکەیت.

## زانیاری بۆ پەیوەندی پێوە کردن بە شوێنی گرنگ و پێویستەوە (نەخۆشخانەی بارنێت Barnet Hospital)

**قاوشی ڤیکتۆریا Victoria Ward** لە نهۆمی دووەمی نەخۆشخانەی بارنێتە (بەرامبەر یەکەی منداڵ بوون).

تەلەفۆن: **020 8216 5218/9**

**یەکەی دایکایەتیی ڕۆژانە Maternity day unit** لە کلینیکی ژنانی وێڵهاوس Wellhouse ە (کلینیکی پێش-منداڵ بوون) لە نەخۆشخانەی بارنێت لە نهۆمی دووەم.

تەلەفۆن: **020 8216 5144**

## نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فری Royal Free Hospital

### ڕێکخستنەکان بۆ خستنە سەر ژان لە نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فری چین؟

ڕۆژێك و کاتژمێرێکت بۆ دیاری دەکەین بێیت بۆ نەخۆشخانە. لە ڕۆژی وادەکەت دا پێویست دەکات لە یەکەی نۆرینی ڕۆژانە ئامادە بیت.ئەگەر دووگیانییەکەت بە کەم مەترسی دەست نیشان کرا، ئەوا بۆ هێنانە سەر ژان وەك نەخۆشێکی شەو نەمانەوە گونجاویت و ڕێگات دەدرێت بۆ ماڵەوە بچیتەوە. ئەگەر دووگیانییەکەت بە مەترسیی ئاست بەرز دەست نیشان کرا ئەوا لە قاوشی پێش-منداڵ بوون وەردەگیرێیت.

**ئەگەر ڕێگات پێ درا بۆ ماڵەوە بگەڕێیتەوە:**

مامانەکەت پێت دەڵێت پاش 12 کاتژمێر لە دەستپێکردنی پرۆسەی هێنانە سەرژانت بۆ یەکەی ڕۆژانەی نۆرینی دایکایەتی بگەڕێیتەوە تاوەکو بەردەوامی بە پرۆسەکە بدەن.

ئەگەر هەرکام لەم بارانەی خوارەوەت تووش بوو، دەبێت **پەیوەندی بە یەکەی ڕۆژانەی نۆرین یان قاوشی ژان گرتنەوە بکەیت:**

- گرژبوون وایان لێ بێت بە ئازار بن یان ناوبەناو بن (هەموو 5 خولەکێك)
- لە زێوە خوێنت لەبەر بڕوات
- جووڵەکانی کۆرپەکە بگۆڕێن یان کەمتر ببنەوە
- خەپلەکە بکەوێتە خوارەوە
- هەر نیگەرانییەکی ترت هەبێت
- سەراوت بتەقێت. ئەگەر کە هاتیت بۆ نەخۆشخانە ئەمە پشت ڕاست بووەوە ئەوا وەك نەخۆشی شەو مانەوە لە قاوشی دایکایەتی وەردەگیرێیت.

## زانیاری بۆ پەیوەندی پێوە کردن بە شوێنی گرنگ و پێویستەوە (نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فری Royal Free Hospital)

**قاوشی پێش منداڵ بوونی 5 ساوث 5 South antenatal ward** لە نهۆمی پێنجەمی نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فرییە.

تەلەفۆن: **020 7794 0500 دەرەکی: 33845/34537**

**یەکەی ڕۆژانەی نۆرین Day Assessment unit** لە نهۆمی پێنجەمی نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فرییە و لە 8 ی بەیانییەوە تا 6 ی پاش نیوەڕۆ کراوەیە لە ڕۆژانی حەفتەدا.

تەلەفۆن: **020 7794 0500 دەرەکی 33873 یان 33846**

**یەکەی دیاری کردنی پلەی ناکاوی Triage** لە نهۆمی پێنجەمی نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فرییە لەناوچەی سویتی منداڵ بوون.

تەلەفۆن: **020 7794 0500 دەرەکی 36208**

**قاوشی ژان گرتن Labour Ward** لە نهۆمی پێنجەمی نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فرییە.

تەلەفۆن: **020 7794 0500 دەرەکی 33850/33849.**

## پرسیار یان نیگەرانیی تر

مامانەکەت و پزیشکی منداڵ بوونەکەت خۆشحاڵ دەبن لە بارەی هەر نیگەرانییەکەوە کە لە بارەی پرۆسەی خستنە سەر ژانەوە هەتبێت، قسە لەگەڵ خۆت یان لەگەڵ هاوژینەکەت بکەن.

## سەرچاوەکان


Henry A, (2011) Outpatient Foley catheter versus inpatient prostaglandin E2 gel for induction of labour: a randomised trial.

Hospital Episodes Statistics. 'Maternity Data in HES' (2017) HES Online Database. NHS Information Centre for Health and Social Care.

لێرە دەست دەکەوێت:

www.hesonline.nhs.uk

National Health Service Litigation Authority (2009). NHS Litigation Authority Study Of Stillbirth Claims. London: NHSLA.

لێرە دەست دەکەوێت:

www.nhsla.com

National Institute for Health and Clinical Excellence (NICE) (2007). Intrapartum Care: Care Of Healthy Women And Their Babies During Childbirth. London: NICE.

لێرە دەست دەکەوێت:

www.nice.org.uk

National Institute for Health and Clinical Excellence (NICE) (2008) Induction of labour. [Online] London: NICE.

لێرە دەست دەکەوێت:

www.nice.org.uk


**بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی خزمەتگوزارییەکانی دایکایەتییەوە لە نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ فری، تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە لە:**

www.royalfree.nhs.uk/maternity

## فیدباکی تۆ

ئەگەر هەر ڕاوبۆچوون (فیدباك) یکت لەسەر ئەم نامیلکەیە هەیە یان داوای لیستێکی سەرچاوەکانی دەکەیت، ئەوا تکایە ئیمەیڵێك بنێرە بۆ:

rf.communications@nhs.net

## به فۆرماتی تر

ئەم نامیلکەیە بە فۆنتی گەورەش دەست دەکەوێت. ئەگەر بە فۆرماتێکی تر دەتەوێت، بۆ نموونە بە نووسینی بریل یان بە زمانێکی تری نا ئینگلیزی یان بە دەنگ، تکایە لە ئەندامێکی دەستەمان داوای بکە.

© Royal Free London NHS
Foundation Service: Maternity
Leaflet reference: RFL784KU
Version number: 2
First published: October 2018
Approval date: January 2023
Review date: January 2025
www.royalfree.nhs.uk